# کوشتنی پیاو

قوبادی جەلی زادە



لە دەستی  دەستە رەشەکانی پیاو رام  کردووە  ئەی ژن ....
لە کام ئەشکەوتی لەشی خۆتدا حەشارم دەدەی ، حەشارم دە .
بە کام سێدارەی بەزەییت هەڵم دەواسی ، هەڵم واسە .
بە کام چەقۆی زەردەخەنەت ، لەت و پەتم دەکەی ، لەت و پەتم کە .

لە دەستی دەستە خوێنینەکانی پیاو تێم تەقاندووە .. ئەی ژن
گۆشەیەکم لە نیشتمانی ماچ بدەرێ ، کە تەنیا جێی لێوەکانمی تیا ببێتەوە .
قومێکم لە رووبارە بە خوڕەکانی ئاشتیت بدەرێ ،
کە تا ئەبەد زمان شەلاّ ل دەکەن لە کۆتر .

لە دەستی پیاوە دەست بڕەکانی عەشرەت هەلاّتووم .. ئەی ژن
بە چیت بە خێوم دەکەی ، بەخێوم کە .
دەنووکی هەلۆم بدەیە تا  چاوە کوێرە تیژەکانی پیاو بکۆڵم .
کولێنکێکی فەرهادانەم بدەرێ تا کەللەسەری پیاو دووبەدەر کەم .
تەختە رەشێکی رەشترم لە رەشی ، بە تیشك لەسەرم بنووسە .